# پەیڕەوی ناوخۆی

**دەزگای دیدگا ئەید بۆ گەشەپێدانی نێودەوڵەتی**

**Vision Agency for International Development (VisionAID)**

Visionaidiraq.com

## بەشی یەکەم

## ناسنامەی دەزگا

### ماددەی یەکەم

### یەکەم: ناوی دەزگا /

دەزگای دیدگا ئەید بۆ گەشەپێدانی نێودەوڵەتی

### دووەم: لۆگۆی دەزگا /

### سێیەم: پێناسەی لۆگۆ/

پێک هاتووە لە ناوی دەزگا بە هەردوو زمانی ئینگلیزی و کوردی و پیتی (V) زمانی ئینگلیزی بە شیوازێکی گەورە وەکو ئاماژەیەک بۆ دەستی هاوکاری و پێشنیازی گرنگیدان بە یەک گەیاندنی کۆمەڵگەی ناوخۆیی وجیهانیەکان لە ڕێگای بە کارهێنانی نەخشەی ڕووی زەوی لە ناو پیتی (O) ئینگلیزی و پاشان بەکارهێنانی ووشەی (AID) بە مانای هاوکاری و لە هامان کاتدا ئاماژەیە بۆ هەر سێ پیتی سەرەتای ( Agency for International Development) بە واتای (دەزگای پەرەپیدانی نێودەوڵەتی) بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئاستەنگەکان لە پەروەردە، دادپەروەری، گەشەپێدانی بەردەوام و یارمەتی مرۆیی و هتد، وەک لە ئەرک و دیدگای دەزگاکەدا هاتووە. ڕەنگی

ORIGINAL

سەوز، بەکارهاتووە وەکو هێمای گەشەکردن و بەردەوامیی و گرنگیدان بە ژینگە. ورەنگی شین بەکارهاتووە وەکو هێمای متمانە و پیشەیی بوون و هاوکاری کردن.

## ماددەی دووەم

### سنوری کارکردن و ناونیشان

بنکەی سەرەکی دەزگاکە لە شاری (هەولێر) پایتەختی هەرێمی کوردستان دەبێت و بە پێی پێویست لە پاریزگا و ئیدارە سەربەخۆیەکانی تری هەرێمی کوردستان و دەرەوەی هەرێمی کوردستان و عێراق، دەتوانێ لق بکاتەوە .

## ماددەی سێیەم

### پێناسەی دەزگا

دیدگا ئەید دەزگایەکی قازانج نەویست و ناحکومی و سەربەخۆیە، لە سەر هەردوو ئاستی ناوخۆیی و نێودەوڵەتیدا خزمەت دەکات و پابەندی یاسا و ڕێساکانی هەرێمی کوردستان و عێراق و ئەو وڵاتانە دەبێت کە تێیدا کار دەکات ووەک پردێک لە نێوان کۆمەڵگە ناوخۆیی و نێودەوڵەتییەکان خزمەت دەکات. پێکهاتەی دەزگاکە دڵنیایی دەدات لە لێپرسینەوە و گشتگیری و گونجاندن لەگەڵ پێداویستییە هەنووکەییەکانی ناوخۆیی و جیهانی بۆ پێشکەشکردنی بەرنامەی گشتگیر بۆ چارەسەرکردنی ئاستەنگە دیارەکان لە پەروەردە و دادپەروەری و گەشەپێدانی مرۆیی و بەردەوامیدان و هتد.

## ماددەی چوارەم

### بواری کارکردن

- بۆ پێشخستنی خوێندن و خوێندنی باڵا و توێژینەوە وەک ئامرازێک بۆ گەشەپێدان و پێشکەوتنی کۆمەڵگا.
- بۆ گەشەپێدانی دادپەروەری و دیموکراسی و شەفافیەت بۆ بەدیهێنانی حوکمڕانیەکی متمانەپێکراو.
- بۆ بەهێزکردنی تاکەکان لە ڕێگەی گەشەپێدانی مرۆیی و ڕاهێنانی کارامەیی و هەلی کار.
- بۆ چارەسەرکردنی پرسە دیارەکانی وەک گۆڕانی کەشوهەوا و جینۆساید و قەیرانە مرۆییەکان لە ڕێگەی بەرنامەی گشتگیرەوە.
- بۆ پێشخستنی یەکسانی جێندەری و سەرکردایەتی و دەستپێشخەرییەکانی بنیاتنانی ئاشتی لەسەر ئاستی جیهانی.
- بۆ سوود وەرگرتن لە پێشکەوتووەکانی تەکنەلۆژیای سەردەم و زیرەکی دەستکرد.

## بەشی دووەم

## ئامانجەکان و چۆنیەتی کارکردن
## و بەدیهێنانی ئامانجەکان

### ماددەی پێنجەم
### ئامانجەکان و چۆنیەتی کارکردن

### یەکەم / ئامانجەکانی دەزگا

ئامانجە دیاریکراوەکانی دیدگا ئەید بریتین لە مانەی خوارەوە:

١. باشترکردنی کوالێتی بەرزی پەروەردە و خوێندنی باڵا لە رێگەی ئاڵوگۆڕی زانیاری و جووڵەی نێودەوڵەتی و بەنێودەوڵەتیکردنی پرۆگرامی خوێندن و دەستپێشخەرییە هاوبەشەکانی توێژینەوە.
٢. پێشخستنی ئابووری ناوخۆیی و پەرەپێدانی کۆمەڵایەتی لەرێگەی بەردەوامیی سەرچاوەکان و گەشەپێدانی بەردەوامی ناوخۆیی.
٣. بەهێزکردنی کارامەیی و لێهاتوویەکان و گەشەپێدانی پیشەیی لەرێگەی بنیاتنانی تواناکان.
٤. هۆشیاری و داکۆکیکردن لە دادپەروەری سەبارەت بە پرسەکانی جینۆساید، لەوانەش هۆشیاری مێژوویی و هەوڵەکانی خۆپاراستن و بە ئەرشیفکردنی بەڵگەکان.
٥. پێشکەشکردنی هاوکاری مرۆیی بۆ دانیشتووانە لاوازەکان کە بەهۆی ململانێ و کارەسات و حاڵەتە فریاگوزارییەکانەوە زیانیان بەرکەوتووە.
٦. پێشخستنی لێکتێگەیشتن و ئاڵوگۆڕی کولتووری لە رێگەی بۆنە و پێشانگا و ئاڵوگۆڕی کولتوورییەوە.
٧. رێکخستنی ووَرک شۆپ و کۆنفرانس و سیمینار ودیدار بۆ ئاسانکاری گفتوگۆ و هاوکاری لەسەر پرسە سەرەکییەکان.

### دووەم/ دیدگا و پەیام

#### ١-دیدگا:

'بۆ بەدەستهێنانی کوردستان و عێراقێکی ئاوەدان و گشتگیر و خۆڕاگر کە چالاکانە بەشداری لە گەشەپێدان و هاریکاری جیهانیدا بکات، ئایندەیەکی گەش بۆ هەمووان مسۆگەر بکات."

#### ٢-پەیام:

"بۆ گەشەپێدانی ناوخۆیی و پەرەپێدانی بەردەوام لە سەرجەم بوارەکان و چارەسەرکردنی ئاستەنگە جیهانییەکان لە هەرێمی کوردستان و عێراق لەرێگەی هاوبەشی و چارەسەری داهێنەرانە و بەشداریکردنی جیهانی".لە رێگەی گرنگیدان بەم بوارانەی خوارەوە:

-(K-19)پەروەردە وخوێندنی باڵا و پەرەپێدانی پرۆگرامەکان و توێژینەوە و پەرەپێدان و داهێنان و خوێندنی پیشەیی و تەکنیکی و ڕاهێنان TVET.
-گۆڕانی کەشوهەوا و بەردەوامیی ژینگەیی و وزەی نوێبووەوە و سەرچاوە سروشتییەکان.
-توانای دامەزراندنی گەنجان و کارسازی و ڕێبەری پیشەیی.
-پرسی جینۆساید و هاوکاری مرۆیی و پاڵپشتی پەنابەران.
-پرۆسەی بۆلۆنیا و حوکمڕانی باش لە زانکۆ و جووڵەی ئەکادیمی و بەنێودەوڵەتی کردن و دڵنیایی جۆری و متمانەپێکردن.
-بەهێزکردنی ژنان و ئافرەتان و سەرکردایەتی کردنیان.
-دیالۆگی نێوان کەلتورەکان و دادپەروەری کۆمەڵایەتی و ئاشتی و پێکەوەژیان و دیالۆگی سیاسی.
-دەروونناسی و تەندروستی ئەقلی و تەندروستی و سەلامەتی و CBRN و بەڕێوەبردنی مەترسیەکان.
-بەدیجیتاڵکردن لە پەروەردەدا، پەرەپێدانی وێبسایت، زیرەکی دەستکرد، ئاسایشی ئەلیکترۆنی و بەڕێوەبردنی تۆڕ.
-"بەردەوامی" و "کردەوە"، SustainAction کە جەخت لەسەر هەوڵە پێشوەختەکان دەکاتەوە بەرەو ئامانجەکانی گەشەپێدانی بەردەوام سەر بە نەتەوەیەکگرتووەکان SDGs.
-سەرکردایەتی و بەرێوەبردن.

### سییەم/ چۆنیەتی کارکردن

١. هەموو شێوازێکی کاری مەدەنی ئاشتیخوازانە.
٢. ئەنجامدانی توێژینەوەو ڕاپرسی و دیراسەی مەیدانی پێویست.
٣. کۆبوونەوەو سیمینار و کۆنفرانس و وۆرکشۆپ و دیدارو دیالۆگی کراوە.
٤. ئەنجامدانی پرۆژە و پرۆگرامی هاوبەشی نێودەوڵەتی.
٥. بەدەستهینانی ڤاند و گرانتی نێودەوڵەتی بە هاوبەشی لەگەڵ رێکخراوە ناوخۆیی ونێودەوڵەتیەکان.
٦. کارکردن لەگەڵ هاوبەشەکان بۆ ئەنجامدانی کار و پرۆژەی هاوبەش.
٧. دروستکردنی تیمی جۆراوجۆر بۆ ئەنجامدانی کاری زانستی و ئەکادیمی.
٨. دروستکردنی تۆری کارکردنی هاوبەش لە گەڵ هاوبەشەکان.
٩. هەڵسەنگاندنی بازاری کاری هەرێمی کوردستان و دروستکردنی دەرفەتی کارکردن.
١٠.سوود وەرگرتن لە زیرەکی دەستکرد و تەکنەلۆژیای زانستی سەردەم.

## بەشی سێیەم

## پرنسیپەکانی کارکردن

### ماددەی شەشەم

### بنەماکانی کارکردن لە دەزگاکە

١. پێگیریکردن لە یاسا بەرکارەکانی هەرێمی کوردستان .

٢. پاراستنی بەرژەوەندییە گشتی و باڵاکانی هەرێمی کوردستان.
٣. ئەو لقانەی لە دەرەوەی هەرێم و عیراقن پابەندی یاسا پەیرەوکراوەکانی ئەوشوێنانە دەبن کە لێی کاردەکەن.

## بەشی چوارەم

## ئەندامێتی لە دەزگا

### ماددەی حەوتەم

### مەرجەکانی بوون بە ئەندام

یەکەم -کراوە دەبێت بۆ تاکەکان و ڕێکخراوەکان و دامەزراوەکان کە پابەندن بە پەیامی دەزگاکە.
دووەم -پۆلینکردنی ئەندامەکان بە شێوازی ئەندامی ئاسایی و ئەندامی فەخری و ڕێکخراوە هاوبەشەکان دەبێت.
سێیەم- ئەندامان دەبێت پابەندبن بە پەیرەوی ناوخۆ و ستاندارده ئەخلاقییەکانی دەزگاکە**.**

### ماددەی هەشتەم

### سەرپێچیەکان و سزاکان

#### یەکەم: سەرپێچیەکان

١. پابەند نەبوون بە پەیرەوی ناوخۆ.
٢. سێ جار ئامادەنەبوون لە کۆبوونەوەکان بێ پاساو و بە ئەنقەست .
٣. پابەند نەبوون بە بڕیارەکانی فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومییەکان.
٤. پابەند نەبوون بە یاسا بەرکارەکانی هەرێمی کوردستان و عێراق و یاسا نێودەوڵەتییەکان.

#### دووەم: سزاکان:

**١.** سەرنج ڕاکێشان .
**٢.** ئاگادارکردنەوە.
**٣.** سڕکردن دوای سێ جار سەرنج ڕاکێشان یان دووجار ئاگادارکردنەوە .
**٤.** لێسەندنەوەی مافی ئەندامێتی .

### ماددەی نۆیەم

### مافەکانی ئەندام

یەکەم/ دەبێتە خاوەنی ناسنامەی تایبەت بە دەزگاکە.
دووەم/ بەشدار دەبێت لە کۆڕو کۆبونەوەکانی تایبەت بە دەزگاکە.
سێیەم/ مافی دەنگدانی دەبێت لە ناو دەزگاکە، بەپێی پەیرەوی دەزگاکە.

چوارەم/ مافی تانە لێدانی دەبێت لە بڕیارەکانی دەزگاکە.
پێنجەم/ مافی وەرگرتنی پۆست و پلەی دەبێت لە ناو دەزگاکە.
شەشەم/ مافی سودمەند بوونی هەیە لە هەموو سودە نا قازانجیانەی دەزگاکە.

## ماددەی دەیەم

## ئەرکەکانی ئەندام

یەکەم/ پێشکەش کردنی داواکاری نوسراو بۆ بوون ئەندام.
دووەم/ پێویستە لە چوار چێوەی پەیرەوی ناوخۆ ویاسا و ڕێسا کارپێکراوەکان کاربکات .
سێیەم/ بەشداری کارای هەبێت لە پرۆژە و چالاکییەکانی دەزگاکەکە .
چوارەم/ نابێت تاوانبار بێت بە تاوانی کوشتن.
پێنجەم/ لە پێناو بەرژەوەندی گشتی کاربکات و ناوی دەزگاکە بۆ بەرژەوەندی تایبەتی بەکار نەهێنێ.
شەشەم/کار بکات بۆ پێشکەشکردنی پرۆژە و بیرۆکەی نوێ.
حەوتەم/کار بکات بۆ بەدەستهێنانی ڤاند و گراند بۆ پرۆژەکان.

## ماددەی یازدەم

## لەدەستدانی ئەندامێتی

## یەکەم/ بە ئارەزوومەندانە

١. لە حاڵەتی مردنی ئەندامەکە.
٢. داواکارییەکی نووسراو پێشکەش دەکات بۆ دەست لەکارکێشانەوە یان کشانەوە لە دەزگاکەکە بە واژووی ئەندامەکە خۆی.

## دووەم/ ئەندامبوون بە زۆرەملێ هەڵدەوەشێتەوە لەم حاڵەتانەی خوارەوە.

١- ئەگەر ئەندام کارێک بکات بە هۆیەوە زیانێکی گەورە بە ناوبانگی دەزگاکەکە بگات.
٢- ئەگەر ئەندامی باڵای حزبێکی سیاسی بێت یان ئەندامی گروپە دەرچوو لە یاساکان بێت.
٣- ئەگەر پێشێلی پرنسیپەکانی پەیرەوی ناوخۆی دەزگاکە بکات.
٤- ئەگەر پێشێلی یاسا و ڕێسا بەرکارەکانی هەرێمی کوردستان و عێراق و یاسا نێودەوڵەتییەکان بکات.
٥- ئەگەر بە زۆرینەی دەنگی (٥٠+١) ئەندامان بڕیاری دەرکردنی لە دەزگا درا.

## بەشی پێنجەم

## پەیکەری دەزگا و چۆنیەتی کارکردن

### ماددەی دوازدەم

### پەیکەری دەزگا پێک دێت لە :

#### یەکەم / دەستەی دامەزرێنەران :

پێک دێت لە (٣) ئەندام یان زیاتر، کە دەبنە دامەزرێنەری دەزگاکە.
-بالاترین دەستەی حوکمڕانیە، کە لە سەرجەم ئەندامانی دامەزرێنەری تۆمارکراو پێکدێت.
-بەرپرسیارێتیەکانی بریتی دەبن لە ئاراستەکردنی ستراتیژی وهەڵبژاردنی پەسەندکردنی ئەندامانی دەستەی ئەمینداران و بەڕێوەبەران و ئەنجوومەنی ڕاوێژکار و پەسەندکردنی ڕاپۆرتی دارایی و کارگێڕی دەزگاکە لە گەڵ دانانی سیاسەتی کارکردن.
-پەسەندکردنی هەر گۆرانکاریەک لە پەیرەوی ناوخۆ ولۆکۆی دەزگاکە کە لە لایەن دەستەکانەوە پێشنیار دەکرێت.
-سەرۆکی دەستەی دامەزرێنەران، سەرۆکی دەزگاکە دەبێت و یەکێک لە ئەندامانی دامەزرێنەر دەبێتە جیگری سەرۆک.

#### دووەم/ دەستەی ئەمینداران:

پێک دێت لە (٥) ئەندام یان زیاتر لە کەسانی شارەزا و بەتوانا وخاوەن کەسایەتیەکی دیار، کە دەبنە دەستەی ئەمیندارانی دەزگاکە.
-ئەرکی دامەزراندنی ئامانجە ستراتیژییەکانی  دەزگاکەیە و دڵنیابوون لە پابەندبوونی بە ئەرک و دیدگای خۆیەوە.
- چاودێریکردنی ئەدای ڕێکخراوەیی و دڵنیابوون لە پابەندبوون بە ڕێسا و یاساکان.
- پەسەندکردنی سیاسەت و بودجە و گۆڕانکارییە بەرچاوەکانی ڕێکخراوەیی.
- ڕێنمایی بۆ تیمی بەڕێوەبردنی دەزگاکە دادەنێت.
- سەرپەرشتیکردنی بەڕێوەبردنی دارایی، پەسەندکردنی بودجە، و دڵنیابوون لە بەردەوامیی دارایی.
- زۆرجار بەشدارە لە کۆکردنەوەی پارە و دەستەبەرکردنی یارمەتییەکان.

#### دووەم / دەستەی بەڕێوەبەران:

-دەزگاکە لەلایەن دەستەی بەڕێوەبەرایەتییەوە بەڕێوەدەبردرێت، کە بەرپرسیارە لە جێبەجێکردنی سیاسەت وستراتیژی دەزگاکە و چاودێری و بەڕێوەبردنی کار و چالاکیەکان و سەرجەم کارەکانی دارایی و کارگێری. و کەسێک

بە ناونیشانی بەڕێوەبەری جێبەجێکار، سەرۆکایەتی دەستەی بەڕێوەبەران دەکات کە پێک دێت لە بەڕێوەبەرانی سەرجەم بەشەکان بە پێی پەیکەری کارگێری دەزگاکە.

### سێیەم/ لیژنەی جێبەجێکار:

دەستەی بەڕێوەبەران لیژنەیەکی جێبەجێکار دیاری دەکات بۆ بەڕێوەبردنی کار و چالاکی و پرۆژەکان کە پێکدێت لە بەڕێوەبەری پرۆژە/ یان پرۆگرام (بۆ هەر پرۆژە و پروگرامێک) و ڕێکخەری پرۆژە/پرۆگرام و بەڕێوەبەری پرۆژە/پرۆگرام وباریدەدەری بەڕێوەبەری پرۆژە/پرۆگرام و بەرپرسی پەیوەندیەکان و ڕاگەیاندن و ژمێریار و ووردبین و بەرپرسی ڕێکخستنی کاروباری ڕۆژانە و ئەوانەی تر کە بە پێی پەیکەری کارگێری کاروباری دەزگاو ڕێکخراوەکان پیویستن.

### چوارەم/ ئەنجومەنی ڕاوێژکاری:

بریتییە لە ڕاوێژکار وشارەزایان ناوخۆیی و نێودەوڵەتی لە بوارە جیا جیا وپەیوەندیدارەکان کە ڕێنمایی و ڕاوێژکاری ستراتیژی پێشکەش دەکەن بە دەزگاکە و ڕۆڵی خۆیان دەبینن لە هاوکاری و هەماهەنگی لە سەرخستنی کار و چالاکیەکانی دەزگاکە و سەرخستنی پرۆژەکان .

### پێنچەم/ لیژنەکان:

لیژنەی تایبەتمەند بۆ ئەو بوارانەی کە مەبەستن وەک پەروەردە و گۆڕانی کەش وهەوا و دادپەروەری و یارمەتییە مرۆییەکان و هتد دروست دەکریت و بە پی پێوستی پرۆژە/پرۆگرامەکان کارەکان بەڕێوەدەبەن.

## ماددەی سێزدەم

### دەسەڵاتەکانی دەستەی دامەزرێنەران

دەستەی دامەزرێنەران لە (٣) کەس یان زیاتر پێک دێت کە تیایدا بەرپرسن لە دامەزراندنی دەزگا .

١. هەڵوەشاندنەوەی دەزگا بە دەنگی (٥٠+١) ی دامەزرێنەران.
٢. پێشکەشکردنی بریار وڕاسپاردە و پێشنیار بۆ دەستەی بەڕێوەبەران.
٣. هەڵدەستێت بە هەڵسەنگاندن و بە دواداچوونی چالاکیەکانی دەزگاکە.
٤. ساڵانە دوو جار کۆبوونەوە دەکات و پێداچوونەوە بە ڕاپۆرتی دەستەی بەڕێوەبەران دەکات.

## ماددەی چواردەم
## دەسەڵاتەکانی دەستەی بەڕێوەبەران

دەستەیەکی گشتیە پێک دێت لە گشت ئەو ئەندامانەی کە مافی ئەندامێتیان هەیە و دەتوانن دەنگبدەن و خۆیان بپاڵێون( لە گشت حالەتەکان نابێت لە سێ ئەندام کەمتر بێت)

١. لە کۆبوونەوەیەکی فراواندا بە هەڵبژاردنێکی ئازاد و نهێنی دەتوانێت بەڕێوەبەر و جێگری بەڕیوەبەر و بەڕێوبەرەکان هەڵبژێرێت دوای پەسەندکردنی لە لایەن سەرۆکی دەزگا.
٢. بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی دەزگا دەردەکات، دوای دەنگدانی (٥٠+١) بۆ بڕیارەکە و دواتر پەسەندکردنی لە لەیەن سەرۆکی دەزگا.
٣. بڕیاری گۆڕینی لۆگۆ و ناوی دەزگا دەردەکات، دوای دەنگدانی (٥٠+١) ئەندامانی دەستەی بەرێوەبەران دوای پەسەندکردنی لە لایەن دەستەی دامەزرێنەران.
٤. بڕیاری گۆڕینی یان هەموارکردنەوەی پەیڕەوی ناوخۆ دەردەکات دوای دەنگدانی (٥٠+١) ئەندامانی دەستەی بەرێوەبەران و پەسەندکردنی لە لایەن دەستەی دامەزرێنەران .
٥. بە ڕێژەی دەنگی ئەندامان (٥٠+١) دەتوانێت پێشنیاز بکات بۆ دەستەی دامەزرێنەران کە لەگەڵ ڕێکخراوێکی تر یەکبگرێتەوە یان تۆر پێک بهێنێت .
٦. بڕیار دەدات بۆ کردنەوەی لقی دەزگاکە لە ناوەوە یان لە دەرەوەی هەرێمی کوردستان دوای پەسەنکردنی لە لایەن دەستەی دامەزرێنەران.

## مادەی_پازدەم

## دەستەی کارگێری و دەستەڵاتەکانی
### یەکەم/ پێکهاتەی دەستەی کارگێری

١. سەرۆکی دەزگا
٢. جێگری سەرۆکی دەزگا.
٣. بەرێوبەری جێبەجێکار
٤. بەرێوەبەری بەرێوبەرایەتیەکان

### دووەم/ دەستەڵاکانی دەستەی کارگێری :

١. دەستەی کارگێری لە نێوان دوو هەڵبژاردندا بەرپرسە لە کاروباری یاسایی و کارگێری و دارایی و هونەری دەزگاکە .
٢. ئامادەکردن و دارشتن و پەسندکردن و بەرزکردنەوەی پرۆژەکان و بریاردان لەسەر نوێنەر بۆ واژوو کردنی گرێبەستەکان .
٣. لە سەر بریاری زۆرینە  دەستەی بەرێوەبەران دەتوانرێت لقی تازە لە شارو شارۆچکەکان یان لە دەرەوەی هەرێمی کوردستان بکاتەوە دوای پەسەنکردنی لە لایەن سەرۆکی دەزگا.

## ماددەی شازدەم

## دەستەڵاتەکانی سەرۆک

ڕێنمایی کارگێری دەردەکات و واژوو لە سەر نوسراوەکان دەکات و مافی بریاردانی لە سەر گرێبەستەکانی دەزگاکە هەیە .

١- سەرپەرشتی بەشەکان و لقەکانی دەزگاکە دەکات و کارەکانیان دابەش دەکات.

## ماددەی حەڤدەم

## دەستەڵاتەکانی جێگری سەرۆک

جێگر لە کاتی ئامادەنەبوونی سەرۆک بە هەر هۆیەک یان لە سەر کار لاچوونی ,کارەکانی سەرۆک ئەنجام دەدات.

# بەشی شەشەم

# ژمێریاری و داهاتی دەزگا

## ماددەی هەژدەم

## داهاتی دەزگا

یەکەم/ ئەو ئابونەیەی لە ئەندام وەردەگیرێت دەچێتە سندوقی ژمێریاری دەزگا بۆ خەرجی و پێویستیەکان.
دووەم/ داهاتی چالاکی وەک داهاتی فێستیڤاڵ و پێشانگا و یاری وەرزشی یان هەر چالاکیەکی تر پەیوەندیدار.
سێیەم/ ئەو برە پارانەی لە بەرامبەر دروستکردنی بروانامەی بەشداریکردن لە بەشداربووان وەردەگیرێت دەکرێتەوە بەخەرجی دروستکردنی بروانامەی بەشداربووان.

چوارەم/ دەزگا ساڵانە ڕاپۆرتی دارایی دەدات بە فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومیەکان وە بۆ ئەو پرۆژانەی حکومەت پشتگیری دەکات زانیاری و دەرخستەی ورد پێشکەش دەکات.

## ماددەی نۆزدەم

### چاودێری و ژمێریاری

١. سەرجەم داهات و خەرجی دەزگا لە رێگای ئەو حسابە بانکیانە دەبێت کە بەناوی دەزگاکە کراونەتەوە .
٢. دەزگا لە رێ‌ی بودجەی ساڵانەی بە گوێرەی سیستەمی ژمێریاری پەیرەوکراو لە هەرێم دارایی خۆی بەرێوە دەبات.
٣. دەزگا ڕاپۆرتی ساڵانەی دارایی خۆی پێشکەش بە فەرمانگەی رێکخراوە ناحکومییەکان دەکات و لە لایەن دیوانی چاودێری دارایی لە هەرێمدا ووردبینی بۆ دەکرێت.
٤. سەبارەت بەو پرۆژانەی کە حکومەتی هەرێم پشتیوانیان دەکات، دەزگا ڕاپۆرتێکی وورد دەربارەی چۆنیەتی جێبەجێکردنی پرۆژەکە پێشکەش بە فەرمانگەی رێکخراوە ناحکومییەکان دەکات و پابەند دەبێت بە تەواوی مەرجەکانی گرێبەستەکە .

## بەشی حەڤدەم
## تۆمارەکانی دەزگا

## ماددەی بیستەم

### تۆمارەکانی دەزگا

پێویستە دەزگا دوای وەرگرتنی بڕوانامەی تۆمارکردن، ئەم تۆمارانەی خوارەوە هەبێت و تۆمارەکانیش لە لایەن دادنووسەوە پشتڕاست کرابن:

یەکەم/ تۆماری ئەندامان : ئەم زانیاریانە لە خۆبگرێت :ناو , ناونیشان , تەمەن , ڕەگەز , پلەی خوێندن و ڕۆژی بوون بە ئەندام .
دووەم/ تۆماری ژمێریاری : داهات و خەرجیەکانی دەزگای تیادا تۆمار دەکرێت.
سێیەم/ تۆماری بنەڕەتی (تۆماری هەبووەکان ): هەموو سامانی گواستراوەو نەگواستراوەی دەزگای تیادا تۆمار دەکرێت .
چوارەم/ تۆماری بڕیارەکان: تۆماری سەرجەم بڕیارەکانی هەریەکە لە دەستەی دامەزرێنەران، دەستەی بەرێوەبەران ودەستەی کارگێری دەزگاکە و ناوی ئەوکەسەی کە بە پێی پەیرەوی دەزگا نوێنەرایەتی دەزگا دەکات و تۆمارەکەش لەلایەن دەستەی کارگێری دەزگاکە واژوو دەکرێت .

## بەشی هەشتەم
## هەڵوەشاندنەوەی دەزگا

### ماددەی بیست ویەکەم
### هەڵوەشاندنەوەی دەزگا

### یەکەم / هەڵوەشاندنەوەی بە ئارەزومەندانە

لە حالەتی بە ئارەزوومەندانە هەڵوەشانەوەدا , هەڵوەشانەوەی دەزگا بە گوێرەی پەیرەوی ناوەخۆی دەبێت، بەدەنگی ٥٠+١ ئەندامانی دەستەی دامەزرێنەر یان بە دەنگی ٥٠+١ ئەندامانی دەستەی کارگێڕی دەزگا دوای پەسەندکردنی لە لایەن سەرۆکی دەزگا.

### دووەم / هەڵوەشاندنەوەی بە نا ئارەزومەندانە

لە حاڵەتی بە زۆر هەڵوەشاندنەوەی دەزگا بە بڕیارێک لە دادگای بەرایی شوێنی دەزگاکە دەبێت. موڵک و داهات ( گوێزراوە و نەگوێزراوە ) بە پێ ی ماددەی (١٧) بڕگەی (١،٢) لە یاسای ژمارە (١) ساڵی ٢٠١١ پەرلەمانی کوردستان مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت.

**Unauthorized Use of the Electronic Version of the Vision Aid Statute**

This is to formally notify all parties that the electronic version of the Vision Aid Statute is provided for informational purposes only. Any unauthorized use, reproduction, distribution, or dissemination of this document is strictly prohibited.

Violation of this notice will result in legal prosecution to the fullest extent of the law. All rights to the Vision Aid Statute are reserved, and any use must comply with applicable legal and regulatory requirements.

For further clarification or authorized usage requests, please contact the appropriate legal or administrative authority.

This notice is effective immediately.

ORIGINAL